هزر



# توندوتیژی، قۆچی قوربانی و موقەدەس

## دیالۆگ لەگەڵ 'ڕۆنێ ژیرار'دا

وەرگێڕانی: بڕوا عەلادین

jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

به بڕوای *ژیرار*، ئەو پەیامەی مەسیحیەت کە ڕایدەگەیەنێت پاکێتیی و بێگوناهی کەسی قوربانیی تاوانبارکراو لەلایەن جەماوەری گشتییەوە دەسەلمێنرێت، سەرکۆنەی ئەو ساختەیی و خەڵەتاندنە دەکات کە لەناو سـرووتە کۆمەڵایەتییەکاندایە و گوایە بەهۆیەوە کۆمەڵگە مرۆییەکان دەیانەوێت ئاشـتی لەنێو ئەندامەکانیاندا سـەقامگیربکەن. هەر ئەمەش وایلێدەکات نە متمانە و نە بڕوا بەو چاکیی و باشیانە بکات کە بەخشراونەتە پرۆسەی قوربانیدان.

**ژیرار: بیریاری کێبەرکێ**

ژیرار Rene Girard سـاڵی ١٩٢٣ لە شـاری Avignon لە دایکبووە و لە خوێندنگەی Chartes خوێندوویەتی، پاشـان ئەدەبی لە زانکۆی ئینديانا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندووە و سـاڵی ١٩٥٣ بەرگری لە تێزەی دکتۆراکەی کردووە. لە سـاڵی ١٩٥٧دا لە جۆن هۆبکنز خوێندوویەتی و یەکەم کتێبی خۆی لەساڵی ١٩٦١دا بە ناونیشانی (درۆی ڕۆمانتیکیی و هەقیقەتی ڕۆمانئاسـایانە). سـاڵی ١٩٦٨ کراوەتە مامۆسـتا لە زانکۆی دەوڵەت لە نیو یۆرك و لەوێ لە کاتی ئامادەکردنی کتێبی دوەمیدا بە ناونیشـانی (توندوتیژیی و موقەدەس) سـەرقاڵی توێژینەوە بووە لە شکسپیر و ئەتنۆلۆژیا. پاشان ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە زانکۆی جۆن هۆبکنز و لە سـەرەتای ١٩٨٠دا لە زانکۆی سـتانفۆرد توێژینەوە دەکات، هەر لەوکاتەشـدا کۆمەڵەی (Jean Pierre Dupuy)وەك سەنتەرێکی فرە ئاڕاستە بۆ پسپۆڕیی لە توێژینەوە تیۆرییەکاندا دادەمەزرێنێت. ژیرار خاوەنی چەندین کتێبە کە هەموویان دەربارەی بیری ئەنترۆپۆلۆژیی و شیکاری ئەدەبیین. هەر لەو دەمەشەوە گەشەی بە تیۆرەیەکی ڕەسەن داوە دەربارەی کێبەرکێ و ڕۆڵی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، ئەوەش لە ڕێی دراوەکانی مێژووی ئایینەکان و شـیکاریی نووسینە ئەدەبیەکان. ساڵی ٢٠١٥ لە ئەمریکا دەمرێت. لە کۆتاییەکانی ژیانیدا کۆمەڵێك دیالۆگی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشـانی (بنچینەکانی کولتوور)، کە لە بڵاوکراوەکانی wrBro D. de ی پاریس، ساڵی ٢٠٠٤وە تیایدا قسە لەسەر تێکڕای کارەکانی خۆی دەکات.

لەکتێبەکانیشی:

١. قۆچی قوربانی، پاریس ١٩٨٢

٢. ئەوەی کە فیتنەگێرە، پاریس ٢٠٠١

٣.ڕێچکەی کۆنی خەڵکە لادەرەکان، پاریس ٢٠٠١

٤. دەنگی ئاڵۆزی واقیع، پاریس ٢٠٠٤

لێ لێرەدا پرسـیارێکی تر دێتە پێشێ: ئایا*ژیرار* مێژوونووسـی ئایینەکانە یا ڕەخنەگری ئەدەب، ئەنترۆپۆلۆژە یان فەیلەسـوف؟ یان هەموو ئەوانەیە لەیەك کاتدا؟ ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە

شیتەڵکردنی چەمکی ئیرەیی و حەسودی لای شکسپیرە یاخود گاڵتەجاڕیی لای سارتەرەوە بڕوات بەرەو تانە و رەخنەگرتن لە تەلمود؟ ئەڵبەتە پاش تێپەڕینی بەشیکارکردنی سرووتی قوربانیدان بە کۆیلە لای خێڵەکانی دایاك لە دورگەی بۆرنیۆ و ئەفسانەی ئۆدیپ، هەموو ئەمانەش بەبێ توێژینەوەی مەیدانیی و تاقیکارییانە بە پاڵپشتی کتێب و سەرچاوە؟ ئەو هەر لە یەکەم کارییەوە بەناوی (درۆی رۆمانتیکیی و هەقیقەتی رۆمانئسایانە) ١٩٦١، (توندوتیژیی و موقەدەس) ١٩٧٢ بۆ (شتە شاراوەکان هەر لە دامەزرانی جیهانەوە) ١٩٨٧ تاوەکوو (قۆچی قوربانی) لە ١٩٨٢دا هەرگیز کارەکانی لە پەرەسەندن نەکەوتوون، ئەمە جگە لە بەرکەوتنی بە جەماوەرێکی بەربڵاوتر لە بازنەی پسپۆڕان، کە بە دڵنیاییەوە بۆتە مایەی خولقاندنی کاردانەوەی رەخنەیی و هەندێکجاریش زۆر توند لەلایەن ئەوانەوە. زیاد لەجارێکیش بیستراوە کە وتویانە بیری ژیرار هیچ نییە جگە لە پارچەیەك کەرەی زۆر بچوك لەسەر لەتێك نانی گەورە، یان وتراوە ژیرار دوای هەندێك تێزی ئومێدوار و پڕ خواست کەوتووە کە بۆ تاقیکردنەوە و قەبوڵکردن مەحاڵن. لێ سەرباری هەموو ئەو رەخنانەش ساڵی ١٩٨٢ لە سیریزی لاساڵ کۆنفرانسێك کرا بۆ توێژینەوە و پشکنینی شیکارە ئەنترۆپۆلۆژییەکەی دەربارەی قوربانیدان و فیداکردن، ئەمە جگە لەوەی کە لەساڵی ١٩٩٤وە گۆڤاری (Contagion) بەوردی چاودێری کارەکانی دەکات، وەکچۆن دیدارێکی نێودەوڵەتی ساڵانەشی رێکخست دەربارەی توندوتیژیی و موقەدەس، هەمو ئەوانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی کارەکانی ژیرار بایەخدارن لە جیهانی ئەکادیمیدا.

هەندێکجار لێرەولەوێ دەخوێنینەوە کە جیهانی *ژیرار* جیهانی تاك بیرۆکەیە. کە ئەم رەخنەیە دەبیستین نازانین بە راستی مەبەست لە چییە، ئایا مەبەست لە پرەنسیپی لاساییکردنەوەیە، یان بە کوشتنی دامەزرێنەرانە، مەبەست لە میکانیزمی قوربانیدان و فیداکارییە، یان بە دیمەن و سیمایان لەئینجیلدا.. یان چی؟ ئایا ئەو تاکە بیرۆکە تایبەت و دانسقەیە چییە کە ئەم جۆرە لە رەخنە ئاماژەی پێدەدات؟ لە راستیدا هەمو ئەو ئایدیایانە ئەچنە ناو خانەی یەك بونیادی ئاوێتەوە، یەك تیۆرەی گشتی دەربارەی هۆکارەکانی کێبەرکێی ململانێئاسایانەی نێوان مرۆڤەکان، دەرەنجامە سرووتییەکانیان و پەیوەندیشیان بە مێژوو و گەشەکردنی دەزگاکانەوە. کەواتە ئێمە لەبەردەم کارێکی مەزنداین، لەبەردەم بونیادێکی گێرانەوەیی ئەنترۆپۆلۆژی زۆر گەورە و زەبەلاحداین کە لەمڕۆدا کەس نیەتی، کارێك کە بێدوودڵی دەتوانێت بڵێت خاوەنی کلیلەکانی بنچینە و چاوگەکانی کولتوورە کە بۆ خۆی ناونیشانی دوا کتێبی جیراردە لە ٢٠٠٤دا. باشە ئەی لە کوێوە و چۆن هێڵە سەرەکییەکانی ئەم بونیادە فیکرییە مەزنە بگرین؟ لە ساڵی ١٩٧٩دا و پاش دەرچوونی کتێبەکەی (شتگەلێك شاراوە هەر لە سەرەتای دامەزرانی جیهانەوە) گفتوگۆیەکی توند هاتە ئارا کە تەنانەت سنووری پیرۆزی زانکۆ و گفتوگۆ ئەکادیمیەکانیشی بەزاند: ئایا

کاتێك جیرارد دەڵێت مەسیحیەت ئەو ساختەیی و فێڵکردنە ڕەخنە و ڕووتدەکاتەوە کە لە میکانیزمی فیداکاری و قوربانیداندایە، ئایا بەم کارەی، خۆی دیسانەوە مێژووی ئایینەکانی تێکەڵ بە خودی ئایینەکان نەکردووە؟ لەو چرکەساتەوە ئیدی ژیرار لە توێژینەوەکانیدا کار لەسەر شیکارکردنی ئەو دابڕانە دەکات کە پەیامی ئینجیلی لەناو کەلەپوری مەسیحییدا دروستیکردوە. لەو توێژینەوانەشی (ئەهریمەن دەبینم وەك بروسکە دەکەوێت) لەساڵی ١٩٩٩، (ئەوەی کە فیتنەگێڕە) ساڵی ٢٠٠١، هەروەها (دەنگی ئاڵۆزی واقیع) لە ساڵی ٢٠٠٢دا.

ئێستا با بزانین ژیرار دۆرکایمێکی ڕادیکاڵە وەك خۆی دەنووسێت، یا لاهوتییەکی پۆست مۆدێرن؟

ئەوە *ژیرار* خۆیەتی لەم دێرانەی خوارەوەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە:

**پ**: ئایا دەتوانین بزانین لەوەتەی دەستت کردوە بە نووسین، دەتەوێت بەرگری لە چ بیرۆکەیەك بکەیت؟

**ژیرار**: تیۆرەکەی من شاندادەداتە سەر گریمانە یا جۆرێك لە بۆچوونی سەرەکی کە بریتییە لەوەی: ئارەزووەکانی مرۆڤایەتی ملکەچی یاسای لاساییکردنەوەن، واتە ئارەزووگەلی لاساییکەرەوانەن، یان بە مانایەکی تر ئارەزووگەلێکن ڕووەو ئەو بابەتانە ملدەنێن و ئاڕاستە دەکرێن کە خەڵکانی دیکەش ئارەزووی دەکەن. چەندە ئارەزووەکانی ئەوانیتر توند و بەهێز بن، ئارەزووەکانی منیش بەهەمان شێوە توند و بەهێز دەبن. لە گەرمەی ئەم کێشمەکێشەشدا ڕەنگە وای لێبێت ئارەزووی بەرامبەرەکەم زۆر بۆ گرنگتر بێت لە خودی بابەتەتی ئارەزووەکە: ئیدی لێرەوە کێبەرکێکە دەگۆڕێت و دەبێتە ململانێیەکی تاکەکەسیانە و بە بەردەوامیش ئەگەرەکانی هەڵگیرسان و ڕوودانی توندوتیژیی لەئارادان و گەشە دەکەن. خۆی لە بنەڕەتدا ململانێی مرۆیی، زادەی کێبەرکێیە. لای ئاژەڵانیش ململانێکە ئەنجامی کێبەرکێیە، کێبەرکێی سێکسیی بۆ نموونە، کە زیاتر لە ڕێگەی سەپاندنی پەیوەندییەکانی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنەوە چارەسەر دەبێت و یەکالا دەکرێتەوە: ئاژەڵە لاوازەکە مل دەدات بۆ ئاژەڵە بەهێزەکە و ملکەچی دەبێت کە دەرەنجامەکەشی بریتییە لە سەقامگیربونی سیستەمێکی هیرارکیی تاڕادەیەك جێگیر. لێ لای مرۆڤ بە هەمان شێوە نییە: چونکە خەڵکی هەروا و لەخۆوە مل نادەن، بەڵکو دەستەدەنە ئەنجامدانی کارگەلێکی توندوتیژ کە کۆتایی نایەت. هەربۆیە جۆرێك لە تۆڵەسەندنەوەی دواخراو پیادە دەکەن، لە ڕێگەی لاساییکردنەویشەوە دەیکەنە کێشەی تەواوی گروپەکەیان. کەواتە توندوتیژیی مرۆیی توندوتیژییەکی درم و پەتائاسایە: لە تاك بە تاکی گروپدا بڵاودەبێتەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە من ناوم ناوە (قەیرانی لاساییکردنەوە) کە ڕەنگە بۆ خۆی ببێتە مایەی

قەسابخانەی کۆگەلیی. گەر لە ڕوانگەی دیدی گەشەسەندنەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین ئەوا شتێکی باش و گونجاو نابینین. بە دڵنیایەوە، چونکە زانایانی بواری پالیۆئەنترۆپۆلۆژی (واتە زانستی توێژینەوە لە بنچینە و ڕەگەزی مرۆیی بەپێی ئەو پاشماوە و ئێسکوپروسکانەی لەبەردەستدان و ماونەتەوە، و.ك،) پێیانوایە ڕەنگە زۆر لە گروپە مرۆیی و بەر لە مرۆییەکانیش لە دەرەنجامی ئەو توندوتیژییە فەوتابن و نەمابن کە لەنێو مرۆڤەکاندا هەبووە. لەوانەشە گەر بڕێك میکانیزم نەبوونایە بۆ وەستاندنی ئەو سووڕی تۆڵەسەندنەوە و قەیرانە قوڵانە، بەردەوامبوونی تەواوی ڕەگەزی مرۆیی لەبەردەم هەڕەشەی فەوتان و لەناوچووندا بوایە. ئەم میکانیزمەش کە پێشتر لە کتێبی (توندوتیژیی و موقەدەس)دا باسم کردبوو بریتییە لە میکانیزمی (کوشتنی دامەزرێنەرانە) کە لە ڕێگەیەوە و بەهۆیەوە خەڵکی توانیویانە دەرمانی کاتی بۆ قەیرانی لاساییکردنەوە بدۆزنەوە: ئەویش بە گوێزانەوەی دەرمەکە بۆ یەك تاکە قوربانی، تاکە قوربانییەك هەڵگری هەموو ئەو ئارەزووە کێبەرکێکارانەیە کە بووە بە بابەتێك بۆ ڕقێکی کۆگەلیی. ئەو فیداکراوەی قوربانی پێدراوە، لەلایەن هەمو گروپەکەوە مۆرك و وێنەی دوژمنی پێدەبەخشرێت، بەو کارەش ململانێی نێوان کۆمەڵە و گروپە کێبەرکێکارەکان دەوەستێنرێت. دیارە هەرچی ئەفسانەی میللەتە دێرینەکان هەیە نییە قۆناغێکی وای لەخۆ گرتوە. من خۆم میکانیزمی ئەم قوربانی و فیداکارییە بە بنچینە و سەرچاوەی هەموو سرووتەکان دادەنێم، کە نموونە و کۆپیە تازە و ئاشکرا و پێشکەوتووەکەی بریتییە لە سرووتی قۆچی قوربانی وەك ئەوەی کە ئینجیل لە دەستنووسی شانزەیەمدا باسیدەکات، هەروەها سرووتی فارماکۆس لە وڵاتانی گریکی کۆندا: کاتێك بەڵا و موسیبەت ڕووی کردبێتە شارێك، مرۆڤێك یان ئاژەڵێکی پارێزراو کراوەتە قوربانی.

**پ:** ئەی باشە فەرمان و وەزیفەی سروتەکانی قوربانی و فیداکاریی چییە؟

**ژیرار:** وەك ئەوەی لە کتێبەکەمیا (شتگەلێکی شاراوە هەر لەسەرەتای دامەزرانی جیهانەوە) باسمکردووە، ئەو نەریتە سرووتئامێزانە کە ڕۆڵە سەرەکییەکەیان بریتییە لە سەپاندن و بەرقەرارکردنی ئاشتی لەلای گروپ، نموونەی هەموو سرووتەکانی قوربانیدان و فیداکاریین. هەر لەو کاتەشەوە مرۆڤ هێشتا هەر ئاگایانە و بە شێوەیەکی ڕێکخراو خەریکی لاساییکردنەوەی کردەی کوشتنی کۆگەلییە، کوشتنێك کە لە سەرەتادا خۆوەکی و هەڕەمەکی بو، کەچی پاشتر هێدی هێدی لە فۆرم و شێوەی دەزگاکاندا دەرکەوت و خۆی نواند، تا وای لێهات: قوربانییەکیان هەڵدەبژارد و لە سرووتێکی فیداکاریی کۆگەلیدا دەیانکردە قوربانی، بەوەش ئاشتییان دەچەسپاند و خۆشگوزەرانیان دەستەبەردەکرد.

خۆی ئەو نەریت و خووە سرووتییانە تاڕادەیەك دووبارەکردنەوەیەکی سیمبولیانەی پرۆسەی کوشتنی دامەزرێنەرە: هەر ئەمەش ئەو هۆکارەیە وام لێدەکات باس لە بنچینەی کولتوور بکەم. میللەتە دێرینەکان لەسەر هەق بوون: چونکە خووە سرووتییەکانیان بنچینەیەکی فەرمانیی هەبووە. کەسانێك هەن پێیان وایە کە خووە سرووتیەکان هیچ بنچینە و بنەمایەکیان نییە، بە تەنها شتگەلێکن دروستکراو و زۆر سیمبولی، من دەڵێم نا، ئەو خووە سرووتییانە وەنە و نمایشەکانی ڕووداوی دروستکەر و دامەزرێنەرن کە ئامانجیان چەسپاندنی ئاشتی و وەلانانی تۆڵەسەندنەوەیە. کۆمەڵگە دێرین و لەمێژینەکان ئەم دیاردەیە وەك دەرکەوتنی یەزدان و خواوەندەکان شرۆڤە دەکەن. ئەنترۆپۆلۆژیاش گوتاری ئەو کەسانە خۆیان بەجیدی وەرناگرێت کە دەڵێن نەریت و خووە سرووتییەکان لە بنەڕەتدا بۆ دامەزراندن و زیاتر چەسپاندنی گرووپە، یان بۆ بارینی باران و ...هتد. لێ تیۆرەی لاساییکردنەوە دەتوانێت ئەمە بکات. تەواوی گرووپ لەسەر ئەم نەریتە سرووتیانە دروست بووە و وەستاوە کە ئاشتی بەرقەرار دەکەن و دەیچەسپێنن: هەر لە هاوسەرگیرییەوە بیگرە تا سرووتەکانی گواستنە و سرووتە وەرزییەکان.. نەریتە سرووتییەکان، یا ڕیتواڵەکان کرداری سەرەکی مرۆیین: بۆ نموونە کردەی قوربانیدان بە قۆچێك خۆی کردەیەکی ژیارییە، میکانیزمی پاراستن و عەمارکردنە: چونکە چەندە کۆمەڵگەیەك قۆچێك بکاتە قوربانی، ئاستی توندوتیژیی تیایدا کەم دەکات و لاواز دەبێت، هەربۆیە پێویستە باوەڕ بە سەرکەوتویی قوربانیدان بە قۆچێك بکەن.

**پ**: تا چ ڕادەیەك ئەم ڕیتواڵی قوربانیکردنە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ڕاستە، نەوەك تەنها تایبەت بێت بەو کۆمەڵگانەی کە بەراستی پراکتیکیان کردوە؟

**ژیرار**: میکانیزمی قوربانیدان بە قۆچێك تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئێمە هەموومان لەناو خۆمانا بەو جۆرە لەدژە پەرچەکردارمان هەڵگرتووە کە بۆ نموونە خۆی لە لێدانی شەقێك لە سەگێك یان کێشان بە مێزێکدا دەبینێتەوە وەختێك کە تورە دەبین. ئەو لێدانە وامان لێدەکات ئارام و هێوربینەوە. ئێمە کە ئەو پەرچەکردارە دەنوێنین دەزانین کە هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە، لێ باشترە لەوەی بچین ملی دەوروبەر و دراوسێکانمان بگرین. ڕیتواڵەکانی قوربانیکردن و فیداکاری درێژکراوە و پەرەپێدانێکی کۆگەلییانەیە بۆ ئەو کاردانەوە خۆوەکییە. دیارە لێرەشدا قوربانییەکان هەروا بە شێوەیەکی خۆوەکییانە و بێسەروبەر هەڵنەبژێردراون: چونکە قوربانیکردنی ئاژەڵ تەنها لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون و تیایدا شارەزابوون. بە گشتیش تەنها ئەو ئاژەڵانە کراونەتە قوربانی کە لە خەڵکییەوە نزیکبوون، واتە ئەوانەی هی ئەوان بوون و ئەمان خاوەنیان بوون، چونکە ئەو ئاژەڵی قوربانیانە ئەڵتەرناتیڤی

سیمبولییانەی قوربانییە مرۆییەکان. لەناو ئەو کۆمەڵگایانەشدا کە ئەم جۆرە ڕیتواڵەیان کردوە، قوربانی مرۆیی سیمبولی ئەڵتەرناتیڤی ئەو خراپەیە بووە کە لەناو تاك بە تاکی گرووپدا ئامادەیە، دیارە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کاتێك ئاژەڵێك ئامادە دەکرێت بۆ سەربرین و قوربانیکردن، لە پێشدا دەهێنرێتەوە ناو ئەو گرووپەی دەیکاتە قوربانی وەك ئاماژەیەك بۆ لکاندن و ئاوێتەکردنی بەو گرووپە، بۆ ئەوەی بڵێن بەشێکە لەم گرووپە. ئا بەو شێوەیە دەکرێت ئەو هێڵە دەزوولەییە بالآیە ببینین کە لە کردەیەکی سادەی هەڕەمەکیی (زلەیەك یان لێدانێك)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕیتواڵە ئاهەنگسازییەکانی قوربانیکردن، تا دەگات بە کردەی تۆڵەسەندنەوە. لە کۆمەڵگە دێرینەکاندا، بنەماکانی تۆڵەسەندنەوە دەشێت هاوشێوەی بنەماکانی قوربانیکردن بێت: چونکە بە زۆری قوربانییەکە لەسەر ئەو بنەما دەلالییە هەڵنابژێردرێت کە تاچەند گوناهبارە و تاوانبار، بەڵکو بە زۆری ئەو تاوانبارە لاوازە هەڵدەبژێردرێت کە هیچ پارێزەر و پاڵپشتێکی کۆمەڵایەتی نییە. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بڵێیین بەرپرسیارێتی تاکەکەسی کاتیگۆرییەکی نەناسراوە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا. لێ گرفتەکە لێرەدا نییە: بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگایانە زۆر باش لەو چەشنە لە بەرپرسیارێتی تێگەیشتوون، بەڵام وایان پێباشە دەرینەخەن و بیشارنەوە تاوەکو سنوورێك بۆ بازنەی تۆڵەستاندن دابنێن. ئەوەش بۆ خۆی هەڵوێستێکە کە کارایی خۆی هەیە.

**پ**: بەڵام ئایا بە ڕای ئێوە ئەوە مەسیحیەت نییە کە ڕۆڵێکی زۆر تایبەت لە مامەڵەی ڕیتواڵییانە لەگەڵ توندوتیژییدا دەگێڕێت؟

**ژیرار**: لە ڕاستیدا ڕەسەنایەتییەکەی مەسیحیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەردەی لەسەر سرووشتی قوربانیدان هەڵماڵی. چونکە بۆ ئەوەی پرۆسەی قوربانیکردن کار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی بە تەواوەتی بەجێبهێنێت، دەبێت شتێك بکات تا گرووپ وا باوەڕبکات کە ئەوە قوربانییە، کە بەرپرسیارە لە توندوتیژیی، قوربانییە، کە گوناهبارە. خۆی ئازارەکانی مەسیح هیچ نییە جگە لەحیکایەتی کوشتن و قوربانیدان گەر ویستمان بەم شێوەیە ببینین، بەڵام ئینجیل دوو بۆچوون و دیدمان لەسەر ئەم ڕووداوە دەداتێ: بۆچوونی جەماوەر کە دەخوازن مەسیح ڕیسوا بکرێت، هەروەها بۆچوونی قەشەکانیش - کە بۆ خۆیان کەمینە بوون - کە لەدەرەوەی ئەم وەهمە بوون و پێیانوابوو پێغەمبەر مەسیح گوناهبار نییە. گەر ئەو قەشانە بە قسەی جەماوەریان بکردایە مەسیحیەت نەدەبوو لە بنەڕەتدا. ئەو کەشفە سەرەکییەی کە مەسیحیەت لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت ئەوەیە کە خۆی پرۆسەی قوربانیدان بە قۆچێکی قوربانی فێڵێکە و هیچی تر. لە هەر سێ ئینجیلەکەی سەرەتادا بانگەوازێکی تێدایە بۆ مەسیح کە بە شێوەیەکی مەجازیی و میتافۆریی

ئەم مانایە دەگەیەنێت: ((ئەو بەردەی کە وەستاکان ڕەتیدەکەنەوە بەردی بناغەی ئەو بینایەیە کە ئێوە دەتانەوێت هەڵیبچنن)). ئەمەش مانای وایە ئەوەی کە ڕەتکراوەوە و قبوڵ نەدەکرا، ئەمێستا بۆتە بەردی بناغەی ئەو کۆشکە ئایینیە. بەڵام ئەی ئایا چۆن لەم ڕستەیە تێبگەین؟ بە ڕای من ئەم ڕستەیە دەیەوێت بڵێت لێرە بە دواوە پاکی و بێگوناهیی قوربانیی بناغەی سەرەکی باوەڕە. لێرەدا پێویستە ئەم ڕستەیە بەراورد بکەین بە ڕستەیەکی دیکەی کاییف (Caiphe) کە دەڵێت: (باشتر وایە مرۆڤێك بمرێت و هەموو میللەت ڕزگاریان بێت). یان وەك ئەوەی لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (خشڵ و زێڕەکانتان مەخەنە بەردەم بەرازەکان، چونکە پێی پیادەنێن و پاشان پشتتان تێدەکەن). بە ڕای من هەموو ئەم وشانە باس لە میکانیزمەکانی لاساییکردنەوەی توندوتیژیی دەکەن، میکانیزمگەلێك کە لێڵ و نارۆشن دەمێننەوە تا دان بە بەگوناهیی و پاکی قوربانیدا نەنرێت. خۆی ئازارەکانی مەسیح باس لەشتێکی دروست و ڕاستەقینە دەکات: باس لەوەی (قوربانی) کە میکانیزمی هەموو قوربانیکردن و فیداکارییەکەی لەسەر دامەزراوە، لە بنەڕەتدا بەتەنها ئەڵتەرناتیڤێکە. ئێمە هەموومان گوناهبارین چونکە هەموومان گوناه و خەتا دەکەین، داوای تۆڵەسەندنەوە دەکەین، باوکمان دەکوژین، لەگەڵ مەحرەمەکانمان سێکس دەکەین، نەخۆشی تاعون بڵاو دەکەینەوە. خۆی باوەڕبوون بە ئەفسانەکە مانای وایە کە وا نەزانین قوربانییەکە بەتەنها قۆچی قوربانییەکی ئەڵتەرناتیڤە. مەسیحیەتیش ئەفسانەکان تێکدەشکێنێت، بە تایبەتی ئەفسانەی ئەوەی کە قوربانی گوناهبارە. دەرەنجامەکەی ئەمەش ئەوەیە کە ژیاری مەسیحی دەتوانێت وێنای گرووپێکی تەواو لە مرۆڤ بکات کە فەرمانی تاوانبارکردنی قوربانییەك دەردەکەن، لە کاتێکدا ئەو قوربانییە پاك و بێگوناهە.

**پ**: ئایا بە ڕاست ئەوە خاسیەتێکە تایبەت بە مەسیحیەت؟

**ژیرار**: نا، ئەم خەملاندن و بۆچوونە لە کەلەپووری تریشدا هەن، بە تایبەتی کەلەپووری تەوراتی. ئەوەتا فەیلەسوف ***ئیمانوێل لیڤیناس*** بە بەردەوامی ڕستەیەکی تەلمودمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: ((ئەگەر هەموان بەزۆرینەی دەنگ کۆکن لەسەر کەسێکی گومانلێکراو و بە تاوانباری دەزانن، ئەوا بەری بدەن، ئەو بێگوناهە)). تەلمودیش هۆشیار بووە بەوەی کە ئەو توندوتیژییەی پەیوەستی لاسایکردنەوەیە، شتێکە هەیە و نکوڵی لێناکرێت. هەر بۆیە پێویستە وریابین بەرامبەر بە کۆدەنگیی، تەواو وەك ئەوەی کە چۆن گەرهاتوو ئەنجامی هەڵبژاردنێك لە سیستەمە دیموکراتیە تازەکاندا ٩٩% بوو، ئەوە بزانە کە هەڵبژاردنێکی پاك نییە و گوماناوییە. ئەمە جۆرێکە لە دانایی و حیکمەت کە لە سەردەمی کۆندا هەبووە، لێ تەنها لەگەڵ حیکایەتی ئازارەکانی مەسیحدا دەبێتە حیکمەتێکی سەرەکی و بنەڕەتیی: کە مەسیح دەمرێت، ئەوە لەبەر

ئەو فەرمان و حوكمە كۆدەنگییەیە كە جەماوەر دەیدەن بەسەریدا. خۆی لە ڕاستیدا ئەم حوكمە سەرلێشێوێنەر و هەڵەیە، ئەفسانە كۆنەكانیش لەسەری كۆك نین و تەبانایەنەوە: چونكە هەڵگری جۆرێك لە فەرمان و حوكمی كۆدەنگئاسایانەیە. ئێ لە دنیاشدا ئەفسانەیەكمان نەدیووە تیایدا جەماوەر هەڵە بن. دیارە هەر ئەمەش ئەو هۆكارەیە كە وامان لێدەكات ئەفسانەكانمان خۆشبوێت و پێیانەوە پەیوەست بین، چونكە هۆشیاری و ویژدانمان ئاسودە دەكەن. لێ پەیامی مەسیحیەت بۆمان دەردەخات كە ئێمە هەموومان تاوانبارین، دیارە ئەمەش شتێكە مایەی دڵەڕاوكێ و نائارامی بۆ ئەوەی كە دەیبیستێت.

**پ:** بەڵام ئایا ئەمە مانای وایە هەمان ئەو پرەنسیپی قوربانیكردن- فیداكارییە لەو كۆمەڵگایانەدا نەماوە كە ئەو پەیامەیان وەرگرتووە؟

**ژیرار:** بێگومان نا. بەڵام دەبێت ئەمجارە سەرەتا ئەو ڕووبەر و ماوەیە بپێوین كە جیامان دەكاتەوە لەو دیدە نەگۆڕە بۆ بیرۆكەی قوربانیكردن و فیداكاریی. لە ئینجیلدا دەبینین كە وەلانان و دوورخستنەوەی قوچی قوربانی ئاماژەیە بۆ پراكتیكێكی سرووتی و ڕیتواڵی، واتە سیمبولییە، لێ پراكتیكێكی ڕەواشە. دیارە ئێمە لەمڕۆدا مانایەكی تری پێدەبەخشین، بۆ نموونە ئەو كاتەی وردەكاری و دیتالی ئەو پرۆسەیە دیاریدەكەین كە لە ڕێگەیەوە گرووپێكی مرۆیی بە شێوەی كۆدەنگیی كەسێك دەكاتە بەرپرس و گوناهباری ئەو خراپەیەی كە گروپ دووچاری هاتووە، كەسێك كە دواجار گروپ دەتوانێت بە توندترین شێوە سزای بدات. گەر هاتوو ئەم گوزارشتەمان بەم مانایە وەرگرت ئەوە جۆرێك لە شەرم و ڕووگیریی تێدا دەبێت: با بڵێین ساڵی ١٩٩٤ خێڵەكانی توتسی بوونە قوچی قوربانی ئەو ململانێیەی كە لە ڕواندا هەبوو، ئەمە مانای وایە ئەوانە خۆیان هەرگیز گوناهبار و تاوانبار نەبوون لەو ململانێ ئازاربەخشەدا، ئەو جەنگی قڕكردنەش كە لە دژیان هەڵگیرسا و كردنیە قوربانی، هیچ پاساوێكی نییە و نەبووە. بە مانایەكی دی، لە دیدی ئێمەدا قوچی قوربانی واتە قوربانییەكی بێگوناه. خۆی هێڵی سەرەكی هەمو كێشەكەش لەمەدایە: جا پرسیاری ئەوەی كە من لەكوێوە ئەم خەمڵاندن و بۆچوونەم هێناوە كە وام لێدەكات بڵێم ئەوان تاوانبار نین، بەڵكو قوربانی ئەڵتەرناتیڤن؟ من ئەم خەمڵاندن و بۆچوونە ڕاقەییەی خۆم دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو مانایەی كە لە ئینجیلدا هاتوە و فێریكردووین وریابین بەرامبەر بەو فەرمان و حوكمانەی كە لەلایەن جەماوەرەوە دەدرێن. لێ ئەمە نامانپارێزێت لەوەی كە هەر ناهۆشیار بین بەرامبەر بە قوڵایی زۆر لە ڕەفتار و پراكتیكەكانمان. لە ڕاستیدا بیرۆكەی قوربانی لەواقیعدا ون نەبووە، هێشتا لە ئاستێ دامەزراوەكەماندا دەدرەوشێتەوە. وا دیارە سیستەمی دادوەریی ئەمڕۆمان لە هەموو كۆمەڵگە كۆن و دێرینەكان ئەقڵانیتر بێت

بەرامبەر بە شێوەکانی ڕیتواڵی تۆڵەسەندنەوە و سرووتی قوربانیدان بە قۆچی قوربانی: چونکە سیستمی دادوەریی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر پارانۆیی و نەخۆشانە شەیدای دۆزینەوەی گوناهبارە ڕاستەقینەکە و بەسزاگەیاندنیەتی، هەر بۆیە بەدوای هیچ قوربانییەکی ئەڵتەرناتیڤدا ناگەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا فەرمان و حوکمەکانی دادی ئەمڕۆ هەر هەڵگری سیمای دۆزینەوەی قوربانییەکن، چونکە دادپەروەریی پێویستییەکی تەواو و تەنگاتەنگی بە گوناهبار یان تاوانبارێك هەیە.

بۆ نموونە سەیرێکی تاوانە سۆزدارییەکان بکە، بەزۆری زادەی زنجیرەیەك دەستدرێژی و تورەکردنی دووبارەوەبوون لەنێوان کەسانێکا کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و بەرپرسیارێتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. هەربۆیە ئەوەی کە دادگا بڕیاری سزادانی دەدات ئەو کەسە نییە کە بەتەنها بەرپرسیارە لەو کردەوانەی لە پێناویدا حوکم و سزادراوە. دەمەوێت بڵێم لەناو یاسادا بڕێك لە بێسەروبەرەیی و هەرەمەکییبون هەیە کاتێك فەرمان دەردەکات و هەندێك تاوان سزا دەدات (بۆ نموونە ژەهرکردنە ناو خواردنی کەسێکەوە)، لە کاتێکدا زۆر نەرمی دەنوێنێت بەرانبەر بە کردارگەلێکی تر (لەوانە ناپاکیی پیاوێك لە ژنەکەی هەمو شەوێك). کەواتە ناکرێت هەرگیز بتوانین وێنەیەکی سەراپاگیرمان لەسەر ئەو هەڵانە هەبێت کە دەکرێن، چونکە دادپەروەری، بە گوێزانەوەی لە بەڵگەیەکەوە بۆ بەڵگەیەکی تر، زۆر لە کاریگەری و سوودەکانی خۆی لەدەست دەدات. ئێمە تاوەکو ئەمڕۆش ناتوانین ئەوە وەلابنێین کە دادگاییکردن و دەرکردنی فەرمان جەختی لەسەر هەندێك لایەنە و هەندێك لایەنی تر لە کێشەیەکدا فەرامۆش دەکات. بەلای ڕای گشتییەوە دادگاییکردنی باش بریتیە لەو دادگاییەی کە کۆتاییەکەی بەوە دێت تاوانبارێك دان بە تاوانەکەیدا بنێ و قوربانییەکیش ببینرێت. ئەوەش بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی هەڵبژاردنێکی ڕیشەییانەی ئەوەی کە بە باشیان دەزانیت بۆ مانەوە لەسەر حیسابی ئەوانەی کە بە خراپیان دەزانیت، کە ئەمەش دیسان پارێزەری بڕێك میکانیزمی گەرانە بەدوای قوربانیدا. بەم دیویشدا قەیرانی سیاسیەکانمان هەیە. سەیرکە و ببینە لە هەڵبژاردنەکاندا چی ڕوودەدات؟ سەرەتا هەڵبژێردراو ڕێککەوتی جۆرێك لە دۆخی چاولێپۆشین و لێبوردن دەکات: هەرچیەك دەکات باشە و قەبوولە. پاشان سەردەمی لێپێچینەوە و توندوتیژیی دێت: هەرچیەکی کردووە خراپە. هەر بۆیە دەبێت دووربخرێتەوە لە کارەکەی. ئەمە سرووتێکی دڵڕەقانە نییە، بەڵکو خودی پرۆسەکە خۆی وایە: دوای ماوەیەك هەرچی خراپە و پۆخڵەواتی کۆمەڵگەکەیە کۆدەکرێتەوە و دەخرێتە ئەستۆی ئەو، ئەو وەك قۆچی قوربانی. لە هەندێك لە شانشینە ئەفریقاییە کۆنەکاندا لە دۆخی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتای درمدا، یان لە حاڵەتی وشکەساڵی درێژخایەندا فەرمان دەدرا بە کوشتنی پاشا.. بە چاوپۆشین لە پرۆسەی کوشتنەکە،

میکانیزمەکە هەمان شتە. لێ داخۆ چی ڕووی دەدا گەر ئەم میکانیزمەمان بەردەست نەخستایە، سەرباری نرخ و پلە سیمبولیییەکەشی، ئایا چی دەبوو؟ ئەو کات جگە لە نائومێدی و توندوتیژیی، هیچ ئومێدێك بە گۆڕان و بوونی دەروازەیەك نەدەبوو.

**پ**: ئەی ئەو هەموو ڕەخنە و تێبینیە لە خوێندنەوەکەتان بۆ مەسیحیەت چۆن لێکدەدەنەوە، کاتێك بەوە تاوانباردەکرێن کە گوایە خوێندنەوەکەتان لە جێگەی خۆیدا نییە و ناشایستەیە؟

**ژیرار**: ئێمە وا ڕاهاتوین کە جیاکارییەکی سەرەکی بکەین لەنێوان هەقیقەتی سۆسیۆلۆژی و هەقیقەتی ئایینیدا. ئەمەش تەواو لەگەڵ وێنەی نوێی دروستبوونی ئایدیاکاندا دەگونجێت، لێ لەقولاییدا دەبینین کە کەلەپووریی یەهودیی\ مەسیحیی دیار و ئامادەیە لە دەزگاکانماندا: دیموکراسی، ڕوونی و شەفافیەت لە یاساکانماندا، مافەکانی مرۆڤ. گەر لە ڕابردوودا مەسیحییەت بەتەنها کورتکرابۆوە بۆ یەك جۆر لە مرۆڤایەتی، ئەوا ئەمڕۆ وانییە: ئەمڕۆ مەسیحیەت گەیشتۆتە هەمو جێگەیەك لە دنیادا، جا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی ئایدیا نائایینییەکانەوە بێت یان تەنانەت ئەو ئایدیایانەشی کە دژە ئایینن. ئێ کاتی خۆی ئەندرێ مالرۆش (وەزیری ڕۆشنبیریی لەسەردەمی دۆ گۆلدا) نووسی بووی: گەیشتنی کۆمۆنیزم بە شەنگهای هیچ نییە جگە لە گەیشتنی مەسیحییەت بە چین. تەنانەت گەر واش دیاربێت هێشتا هەندێك ژیار هەن دژ بەو مافانەی مرۆڤن کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندوە، هێشتا ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە ئەو مافانە هەن. ئەمێستا ئیدی ئەو کولتوورانە ناتوانن بەتەنها لەسەر ئەو دۆگمە بژیین کە دەشێت قوربانیدان بە قۆچی قوربانی هەمو کێشەکان چارەسەر بکات. لە ڕوانگەیەکی تریشەوە، دەبێت ئەوە ببینین کە ئەگەر وەحیی ئایینیی زۆر کارا بێت لەوەدا کە بە قوربانیيەك پرۆسەی قوربانیدانی خوێناویی لە ناو ببات، ئەوا هەر خودی ئەو وەحییە ئایینیە کۆمەڵگە مەسیحیەکانی لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازە کارایە یاساغکردووە، ئامرازێك کە بریتییە لە میکانیزمی ڕیتواڵیی و سرووتیی. خۆی وەحیی ئایینیی بەتەنیایی و بەبێ هیچ ئامرازێکی بەرهەڵستی لە بەرانبەر گێژاوەکانی توندوتیژیی و لاساییکردنەوە دەروونییەکانی توندوتیژییدا کە تایبەتە بە ئێمەی مرۆڤ، بەجێمان دەهێڵێت. لە دۆخێکی واشدا، ئێمە بەردەوام لە کەناری نابینایی و ئاژاوەدا دەبین.

**سەرچاوە**: دەقی دیالۆگەکە ڕاستەوخۆ لە ماڵپەڕی فەرمی دکتۆر موحەمەد سبیلاوە وەك وەرگێڕی دەقەکە وەرگیراوە کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

http://www.mohamed-sabila.com/nossos7.html

لێ دیالۆگەکە خۆی لەکتێبێکیدا بەناونیشانی: فی الفكر المعاصر (حوارات) دا بڵاوی کردۆتەوە و گۆڤاری زانستە مرۆییەکان سازیان کردوە لەگەڵ ژیرار. لاپەڕە ٢١ بۆ ٣٧، کە لەبڵاوکراوەکانی (منشورات مابعد الحداثە) یە، لێ بەداخەوە دەقەکەم وەك کتێبەکە دەستنەکەوتەوە، ئەگەرچی هەستدەکەم دوای بڵاوکردنەوەی لەماڵپەڕەکەیدا وەڵامی دوا پرسیاریشی تێدا نییە، هەر بۆیە ناچار ئەوەم وەرگێڕا کە دەستەبەر بوو